# مۆبایلی هۆشمەند و چەندین ئەرکی گرنگ



لـــە جیهانـــی ئەمـــڕۆدا مۆبایل وەك ئامێرێکـــی گرنـــگ بۆ هەر کەســێك پێویستە. ژیانی سەردەم بەبێ ئەو ئامێرە تا رادەیـــەك دژوارە. مۆبایل ئیدی هەر ئامێرێکـــی پێوەندی گرتـــن نییە. بگرە ئامێرێکە بـــۆ پێوەندی ئینتەرنێت، کامێرا، ریکۆردەر.. گەمە کردن.. تاد بەکار دێت. جگە لەو ئەرکانـــەش چەندین ئەرکی دیکە هەن کە لە داهاتـــوودا مۆبایلەکان ئەنجامی دەدەن، وەك:

مۆبایلـــەکان پێشـــنیارت پێدەکەن: ئێســـتا لە هەمـــوو مۆبایلێك خزمەتگوزارییـــەك هەیە بەناوی «بیرهێنانـــەوە» کە بیرت دێنێتەوە فلانـــە رۆژ چ ئەرکێك دەبـــێ ئەنجام بدەی، بـــەڵام رۆژێك دادێت مۆبایلەکان خۆیان پێشـــنیارت پێدەکەن و ئاگادارت دەکەنەوە کە فلانە سوپەرمارکێتە شـــتی باش و هەرزانی لێیە.. یان پێشنیار دەکات بۆ تەلەفۆن بۆ فلانە دۆستت ناکەی کە لەمێژە لێی بێ ئاگای..

مۆبایلەکـــەت بکە بە هاوڕێت: پرۆگرامی Vlingo زۆر ئەرکت بۆ ئاسان دەکاتەوە، تەنیا ئەوەندە بە مۆبایلەکەت بڵێ کە ئەو ئەرکەم بۆ ئەنجام بدە، مۆبایلەکە دەنگی تۆ دەکات بە دەق و پاشان دەیکاتە فەرمان.. ئەو تایبەتمەندییە لە زۆر مۆبایل دا هەیە..

بـــە دەنگی خـــۆت SMS بەڕێ بکە: جار هەیـــە نیازت هەیە کورتە پەیامێك بۆ هاوڕێیەکت بنووسی، بەڵام شوێنێکە بۆ نووسینی کورتەپەیـــام زۆر گونجاو نییە، هـــەر ئەوەندە بەســـە بەپرۆگرامی Tellme کـــە لە هەندێك مۆبایلدا هەیە بە دەنگ پێی بڵێی ئیدی مۆبایلەکە دەنگی تۆ دەکاتە کورتە پەیام و بەڕێی دەکات.

ئەمنییـــەت لەبەرامبەر دزیدا: ئیدی لەمەولا پێویســـت ناکات کە مۆبایلەکەمان لێ ون بوو، یان دزرا ریکلامی بۆ بکەین و تا بیدۆزینەوە، پسپۆرانی ئەم بوارە سیستەمێکیان دروست کردووە بەهۆیەوە مۆبایلەکە دەزانێت کە دزراوە یان نا و خۆی پۆلیس ئاگادار دەکاتەوە.

# تەلەڤزیۆنی لاپتۆپ



لاپتۆپ بەو جۆرە لە کۆمپیۆتەر دەگوترێت کە هەڵگرتن و راگواستنی ئاسانە و وزەی پێویست بۆ ماوەیەك لەخۆیدا رادەگرێت. لەم دواییانەدا کۆمپانیـــای sharp کـــە کۆمپانیایەکـــی بەرهەمێنی تەلەڤزیۆنە، تەلەڤزیۆنێکی LED بەرهەمهێناوە کە جیاوازە لە تەلەڤزیۆنی دیکە. ئەو تەلەڤزیۆنە لە تەکنۆلۆژیای Wi-fi سوود وەردەگرێت و گەلێك سووکە. وەك لاپتۆپێك بۆ هەموو شـــوێنێك رادەگوێزرێت. تەلەڤزیۆنەکە کـــە بـــە freestyle aquos ناســـراوە، شاشـــەکەی 20 ئینجە و وەك لاپتۆپ شەحن دەبێتەوە.



# ڤیبرە چۆن

ڤێبرە یـــان «هەززە» یان «لـــەرە لەر» ئەو حاڵەتەیە لـــە هاندەکانـــی مۆبایلـــدا لەکاتە پێویســـتییەکان دەخرێتـــە ســـەر مۆبایـــل بۆ ئەوەی کـــە لەکاتی پێوەنـــدی گرتندا دەنگی ئاگادارکردنەوەکـــەی مۆبایلەکە نەیەت و تەنیا ئامێرەکە بجوڵێتـــەوە. ئامێری ڤێبرە یەکێکە لەو پارچانەی کە مێژووی دروستکردنی بۆ چەندین دەیە دەگەڕێتەوە. دینەمۆکە زۆر سادەیە. کە ئەو

# لە دیسکتۆپەکەت فیلم هەڵگرەوە




بۆ ئامادەکردنی CD و فیلمی فێرکاری پێویست بە پرۆگرامێك دەکات کە بە ئاسانی بتوانێ فیلم لەسەر دیسکتۆپی کۆمپیوتەر هەڵبگرێتەوە. کۆمپانیا مەزنەکانی فێرکاری هەمیشە بە ئامادەکردنی فیلمێك لەو پرۆگرامەی کە نیازیان هەیە بیناسێنن و شی بکەنەوە ئەرکەکانیان ئەنجام دەدەن. لەم سەردەمەدا ئەم جۆرە CDیانە لە شێوازێکی سەرکەوتووی فێرکردنن.

گەلێك پرۆگرام هەن کە ئەرکی هەڵگرتنەوەی فیلم لە دیسکتۆپ ئەنجام دەدەن، یەکێك لە پرۆگرامە سەرکەوتووەکان، پرۆگرامی GiliSoft Video Re-corder، بە تەنیا چەند کلیکێك بە ئاسانی فیلمە فێرکارییەکەت دەتوانی دروست بکەی. تۆمارکردنی دەنگ لەکاتی ئامادەکردنی فیلمی فێرکاری یەکێکی دیکە لە تواناکانی ئەو پرۆگرامەیە. تۆمارکردنی گەمەکان، رێکخستنی کوالیتی رەنگ و دەنگ، تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەو پرۆگرامەن.

هەندێك لە تواناکانی دیکەی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

- هەڵگرتنی فیلم بە شێوەی full screen.
- ئامادەکردنی فیلم لە پەنجەرەی کراوە.
- ئیمکانی نیشاندانی شوێنی ماوس یان نیشان نەدانی.
- دابەشکردنی فیلمەکە بۆ سەر چەندین بەش.



# کار دەکات؟

دینەمۆیە پارسەنگێکی پێوەیە بەدەوری خۆیدا دەسورێتەوە. هیچ جیاوازییەك نییە لەنێوان ئەو ڤیبرەی کە لە ئامێری گەمەی منداڵان و، هاندی مۆبایل و پشتێنەی خۆلاوازکردندا هەیە. تەنیا جیاوازییەکەیان لە سایز و قەوارەکەیاندایە. بەهۆی هێزی شەپۆلی تۆڕی مۆبایلەکەوە دەکەوێتە جوڵە و پارچە پارسەنگەکە بە خێراییەکی زۆر دەخولێتەوە.

# ویندۆز 7 لە تەبلێتی گیگابایتدا

کۆمپانیای گیگابایت تەبلێتێکی 10 ئینجی بەرهەم هێناکە بە تەبلێتی جۆری S1080 ناسراوە، ئەم تەبلێتە ویندۆز 7ی لەسەرە. تەبلێتەکە لەگەڵ گشت تەبلێتەکانی هاوشێوەی خۆی جیاوازە. چونکە سیستەمی ویندۆزی لەسەرە و خاوەنی دوو یەکەی ناوەندییە و تەواو لەمسییە. ئەم تەبلێتە بە بەباشی جوڵەی ماوس بە بزاوتنی پەنجە جێبەجێ دەکات. جگە لەوەش خاوەنی هەردوو کەلێنی USB3,USB2یە. هەروەها سیم کارت دەخوێنێتەوە. لەگەڵ هەموو چەشنە پرینتەرێك دەگونجێت. ئەم تەبلێتە بچووکە و هاردێکی 320 گیگابایتی لەسەرە.






## باشترین مەسنجەر بۆ چات کردن Nimbuzz

هەر کام لە بەکارهێنەرانی ئەنتەرنێت بۆ پێوەندی گرتن پرۆگرامێکی پەیامگەیەنەر واتە «مەسنجەر» بەکاردێنن، چونکە بەکارهێنانی مەسنجەرەکان ئاسانە، بەخۆڕاییە، توانای زۆریان وەك گەیاندنی دەنگ و ڕەنگ و دەق و داتا هەیە. پرۆگرامە پەیامگەیەنەرەکان گەلێکن وەك «یاهوو مەسنجەر» ئێم ئێس ئێن» «فەیسبوك»...تاد. هەرکام لەوانەی پێوەندیان لەگەڵ دەگرین یەکێك لە پەیامگەیەنەرەکانی بۆخۆی هەڵبژاردووە، ئەگەر پەیامگەیەنەری تۆ «یاهوو» بێت و هی بەرامبەرەکەت «msn» بێت، ئەوکاتە گرفت ڕوو دەدات، چونکە ئەو دوو پەیامگەیەنەرە یەکتر ناخوێننەوە. بۆ چارەسەری ئەم گرفتە دەبێت چەندین پەیامگەیەنەرت لەسەر کۆمپیوتەر هەبێت.. کە ئەوەش بۆخۆی گرفتە، بەڵام باشترین ڕێگەچارە، ئەوەیە کە پەیامگەیەنەری «nimbuzz» دابەزێنی، پەیامگەیەنەرێك کە گشت مەسنجەرەکانی دیکەی لەخۆیدا کۆکردوونەتەوە. بۆ نموونە لە یەك کاتدا دەتوانی لە یاهووە بۆ جیمەیل پەیام بەرێ بکەی.. هەروەها دەتوانی بە دەنگ و ڕەنگ لەگەڵ هاوڕێیانت جا هەر پرۆگرامێك بەکاربێنن، چات بکەی..


## ئاسانترین شێوە بۆ ڕێکخستنی دیسکتۆپەکەتان




دیسکتۆپی کۆمپیوتەر واتە (مێزی کار) یان بە زمانی دوور لە زانستی کۆمپیوتەر «سەر شاشە» جار هەیە ئەوەندە قەرەباڵغ دەبێت کە مەپرسە.. بۆ دۆزینەوەی فایلێك لەسەر دیسکتۆپ دەبێ ماوەیەك بە وردی بگەڕێی.. لە ویندۆز7 دا بۆ ڕزگار بوون لەو تێکەڵ پێکەڵی و قەرەباڵغییە، دەتوانی لەسەر «تاسك بار» واتە ئەو شریتەی کە لەخوارەوەیە کلیك بکەی. لەو لیستەی کە دەکرێتەوە لە بەشی toolbars فرمانی new toolbars بکەوە. ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە پەنجەرەیەك بکرێتەوە و لەوێدا دەتوانی فۆلدەرێك هەڵبژێری و ناوی لێبنێی. ئێستا هەر شتێك لەناو ئەو فۆلدەرە بکەی هەرکاتێك کە پێویستت پێی بوو دەتوانی پرۆگرامی مەبەستی خۆت بدۆزیەوە و پێش لەو هەموو قەرەباڵغییەش بگری.

## شاردنەوەی داتاکان لە وێنەیەکدا

لەمەوبەدوا کە وێنەیەکتان لەسەر کۆمپیوتەرێك دیت، هەر بە وێنەیەکی ئاسایی سەیری مەکەن.. ئەگەر کۆمپیوتەرەکە پرۆگرامی Ultima stegano-raphy لەسەر بێت، چونکە بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانی هەزاران جۆرە فایل و زانیاری لە وێنەیەکدا بشاریەوە. ئەگەر حەز دەکەی زانیارییە گرنگەکانت بۆ نموونە پاسۆرد و ژمارەی بانك، ئیمێلەکانت تەنانەت لەبەرچاوی هاککەرەکانیش بشاریەوە. باشترین ڕێگە بەکارهێنانی پرۆگرامی ناوبراوە. پرۆگرامی Ultima Stegano-raphy دەتوانی بە تێکەڵکردنی وێنەیەك و چەندین بەڵگە کە مەبەستی شاردنەوەت هەیە بە ئاسانی لە وێنەکەدا بیشاریەوە.



## ئەو ئامێرە گشت زانیارییەکان لەخۆیدا هەڵدەگرێت



ئەو ئامێر0ەی کە لە وێنەکەدا دیارە، دەکرێ بڵێین وەك گەورەترین ئامێری سیخوری ئەلکترۆنی لە ژیانی دیجیتالیدا سەیر دەکرێت.
ئامێری UFED Physical pro کە لەلایەن کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی دیجیتالی دروستکراوە، دەتوانێ بەبێ سوود وەرگرتن لە کۆمپیوتەر بە 3000 ئامێری هاندی مۆبایل بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێوەند بدرێت و گشت زانیاری سەر هاندەکان لەخۆیدا خەزن بکات. لە وێنە و فایلی دەنگی و ڕەنگی تا پێوەندییەکان و SMSەکان لەخۆیدا خەزن بکات. گەڕان لە سایتەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گشت ئەوانە لەو ئامێرەدا هەڵدەگیرێن. خاڵی جێگەی سەرنج ئەوەیە کە تەنانەت زانیارییە سڕاوەو شاراوەکانیش دەدۆزێتەوەو لەخۆیدا خەزنیان دەکات بوونی ئامێرێکی وا ئەو ڕاستییە دەردەخات کە لە جیهانی دیجیتالیدا هیچ زانیارییەك ناسڕدرێتەوە و هیچ شتێکیش جێگەی متمانە نییە.

## تەکنۆلۆژیای سەردەم شێوازی خوێندن دەگۆڕێت



ڕەنگە لە داهاتوویەکی نزیکدا لە قوتابخانەکاندا لەبری کتێب و دەفتەر و قەڵەم تەنیا لاپتۆپێك ببردرێت، ئەگەر ئەم بیرۆکەیە سەربگرێت، گرفتێکی زۆر لە کۆڵ قوتابیان و مامۆستایانی بواری خوێندن و پەروەردە دەبێتەوە.. وەزارەتی پەروەردەی وڵاتی لیتوانی پێشنیاری کردووە کە لە قوتابخانەکاندا لە بری کتێبی دەرس لاپتۆپێك شوێنی بگرێتەوە. قوتابییەکان لاپتۆپێك لەگەڵ خۆیان دەبەنە قوتابخانە کە گشت کتێبەکانی وانەی قوتابخانەی تێدایە. داهێنەرانی بیرۆکەکە لەو بڕوایەدان کە ئەم شێوازە خوێندنە دەبێتە هۆی ئەوەی کە قوتابییەکان لە شێوازی دووپاتکردنەوەی وانەکانیان بگۆڕدرێتەوە.